سینیاکۆفای چیکی بووە پاڵەوانی تەنسی چین

لە پاڵەوانێتی تەنسی چین کاترینا سینیاکۆفا لە ماریا بوزکۆفای بردەوە و پاش ئەوەی یاریەکە زیاتر لە سێ کاتژمێری خایاند.

کاترینا سینیاکۆفای چیکی کە لە پلەی 60ی جیهاندایە ، پێنجەم نازناوی لە ژیانی وەرزشیدا بەدەستهێنا پاش ئەوەی لە پاڵەوانێتی تەنسی نانچانگی چینی لە هاونیشتیمانی ماریا بوزکۆفای بردەوە کە لە پلەی 29ی جیهان بوو.

سینیاکۆفا ئەمساڵ لە درێژترین یاری کۆتایی پاڵەوانێتیی پیشەگەرانی ئافرەتان پێویستی بەسە کاتژمێر و 32 خولەک بوو بە ئەوەی یاریەکە لە بەرژەوەندی خۆی بە ئەنجامی شەش بە یەک و حەوت بە شەش و حەوت بە شەش یەکلایی بکاتەوە.

ئەمە دووەم نازناوی سینیاکۆفایە لەمساڵدا، دوای ئەوەی لە مانگی تەمموزی ساڵی ڕابردوودا پاڵەوانێتی باد هامبەرگی ئەمانیا بەدەستهێنا.